بگەڕێوە نوێژەکە ئەنجام بدەرەوە (دووبارەی بکەرەوە)، چونکە لە ڕاستیدا تۆ نوێژت ئەنجام نەدا

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاتە نێو مزگەوتەوە، ولە پاشان پیاوێک هاتە نێو مزگەوتەوە ونوێژی کرد، -ودواتر سەلامی لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد، ئەویش وەڵامی دایەوە وپێی فەرموو: «بگەڕێوە نوێژەکە ئەنجام بدەرەوە (دووبارەی بکەرەوە)، چونکە لە ڕاستیدا تۆ نوێژت ئەنجام نەدا»، پیاوەکە چوو ونوێژی کرد وەکو جاری پێشوو، ودیسانەوە هاتەوە وسەلامی کرد وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- جارێکی تر پێی فەرموو: «بگەڕێوە نوێژەکە ئەنجام بدەرەوە (دووبارەی بکەرەوە)، چونکە لە ڕاستیدا تۆ نوێژت ئەنجام نەدا»؛ سێ جار، پیاوەکە ووتی: سوێند بە ئەوەی کە تۆی بە هەق ناردووە ناتوانم لەوە باشتر ئەنجام بدەم، فێرم بکە، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەگەر هەستایت بۆ نوێژکردن تەکبیر بکە (بڵێ: الله أكبر)، وپاشان ئەوەندەی بۆت دەگونجێت قورئان بخوێنە، پاشان بڕۆ بەڕەو ڕکوع بردن هەتاوەکو دڵنیا وهێور دەبیت (لەم حاڵەتەدا)، پاشان هەستەرەوە هەتاوەکو بە ڕێکی دەوەستیت، پاشان بەڕەو سوجدە بردن بڕۆ هەتاوەکو دڵنیا وهێور دەبیت (لەم حاڵەتەدا)، وپاشان هەستەرەوە هەتاوەکو دادەنیشیت بە دڵنیایی وهێوریەوە، وهەموو نوێژەکە بەم شێوەیە ئەنجام بدە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چووە نێو مزگەوتەوە، لە پاش ئەو پیاوێك چووە ژوورەوە وبە پەلە دوو ڕکات نوێژی کرد، ولە وەستان وڕکوع وسوجدەدا دڵنیا وهێور نەبوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چاودێری دەکرد لەکاتی نوێژ کردنیدا، هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتێکدا ئەو لە گۆشەیەکی مزگەوتەکە دانیشتبوو وسەلامی لێکرد، وئەویش وەڵامی سەلامەکەی دایەوە، وپێی فەرموو: بگەڕێوە نوێژەکەت دووبارە بکەرەوە؛ چونکە لە ڕاستیدا تۆ نوێژت نەکرد. گەڕایەوە وبە پەلە نوێژی کرد هەروەکو پێشووتر، پاشان هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وسەلامی لێکرد، دیسانەوە پێی فەرموو: بگەڕێوە ونوێژ بکە؛ چونکە لە ڕاستیدا تۆ نوێژت نەکردووە، وئەمەی سێ جار ئەنجامدا. پیاوەکە ووتی: سوێند بە ئەوەی بە هەق تۆی ناردووە، لەمە چاکتر نازانم بۆیە فێرم بکە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: ئەگەر هەستایت بۆ نوێژکردن تەکبیرەی ئیحرام بکە -بڵێ: الله أكبر-، پاشان سورەتی -الفاتحة- (-سورەتی- ئوم ئەلقورئان:دایکی قورئان) بخوێنە وپاشان هەر ئایەت وسورەتێك دەتەوێت بیخوێنە بە ویستی الله، پاشان بە دڵنیاییەوە ڕکوع ببە وناو لەپەکانت لەسەر ئەژنۆکانت دابنێ، وپشتت ڕاست درێژ بکەرەوە وڕێك ببەرەوە لە کاتی ڕکوع بردندا، پاشان سەرت بەرز بکەرەوە وپشتت ڕێك بوەستێنە بۆئەوەی ئێسکەکان بگەڕێنەوە بۆ نێو جومگەکان وبە ڕێکی دەوەستیت، پاشان سوجدە ببە هەتاوەکو دڵنیا دەبیتەوە لە کاتی سوجدەدا ئەمیش بەوەی نێوچەوان ولووت ودەستەکان وئەژنۆکان وسەرە پەنجەکانی پێت لەسەر زەوی بن، پاشان سەرت بەرز بکەرەوە هەتاوەکو بە هێوری ودڵنیایی دادەنیشیت لە نێوان سوجدەکاندا، پاشان هەموو ئەمانە ئەنجام بدە لە هەموو ڕکاتێکی نوێژەکەتدا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3185